# دوایەمین پەیامی موسا

## وتەکان

لەهەر چل و دوو وانەی ڕابردووماندا، سەرنجی یەکەم پەرتوکی نووسراوە پیرۆزەکانمان داوە، ئەوەی پێی دەوترێ تەورات. وەك دەزانی، خودا بوو کە ووشەی خۆی چاند لە بیری پێغەمبەر موسا، و ئیلهامی داپێی کە بینووسێ لە پەرتوکێکدا. نزیکەی سێ هەزار و بێنج سەد ساڵ تێپەڕیوە لەو کاتەی موسا تەوراتی نووسیوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە هایەکی بێ پایانی هەیە ئەمڕۆ بۆمان. تەورات ئەو بنەمایەیە کە خودا دایناوە تاکو هەموو شتێکی پێ تاقی بکەینەوە کە گوێمان لێ دەبێت ئاخۆ لەلایەن خوداوە هاتووە یان نا. ئەو فێرکردنەی لە تەورات هەیە ڕاستێکی پاکە لەلایەن خوداوە. هەر فێرکردنێك کە دژی ئەوە بێت سەختەیە. هەموو ڕاستییەکانی خودا لە گوونجانێکی هارمۆنی تەواوە لەگەڵ ئەوەی نووسراوە لە تەورات. یەك شت هەیە کەخودای باڵادەست ناتوانێ بیکات. دەزانی ئەو شتە چیە؟ وایە، خودا ناتوانێ دژ خۆی بێتەوە! لە تەورات، موسا ئەم ووشانەی نووسیوە: (خودا مرۆڤ نییە تا درۆ بکات، کوڕی مرۆڤیش نییە تا پەشیمان بێتەوە، ئایا دەڵێت و کردار ناکات؟ یان دەفەرمووێت نایباتە سەر؟) (ئامارەکان ٢٣: ١٩)

لە دیراسەتمان لە تەوراتی موسا، خودا زۆر ئاڵۆزی بنچینەیی بۆمان ئاشکرا کردووە. ئەمڕۆ پلانمان وایە گەشتەکەمان لەناو تەوراتی پیرۆز کۆتایی پێ بێنین. بەڵام پێش ئەوەی تەماشای بەشەکانی کۆتایی بکەین، باچاوپێداخشانەوەیەك بکەین بەوەی لە سەرتاوە بینومانە تاکو ئێستا.

لەیەکەم بەشی تەورات، بینیمان چۆن خودا یەکەم مرۆڤی بەدی هێنا لەسەر وێنەی خۆی. خودا ویستی پەیوەندێکی دڵ ڕفێن و بەمانای لەگەڵ ئەو مرۆڤەدا هەبێت کە بەدی هێنابوو. لەبەر ئەوە بوو بیرێکی لەناو گیانی مرۆڤدا دانا تاکو خودا بناسێ، و دڵێکی پێ بەخشی تاکو بتوانێ خودای خۆش بوێ و ئیرادەیەکیشی پێ بەخشی تاکو بتوانێ بۆ خۆی هەڵبژێرێ بە قسەی خودا بکات یان نا.

لەبەشی سێیەم، بینیمان چۆن ئادەم، یەکەم مرۆڤ، هەڵی بژارد بە گوێی شەیتان بکات و لەبەری ئەو دارەی خوارد کە خودا لێی قەدەغە کردبوو. بۆیە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: بەهۆی مرۆڤێک گوناه هاتە جیهان، بەهۆی گوناهیش مردن، بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد. (ڕۆما ٥: ١٢) سزای گوناه مردنە و جیابوونەوە تاهەتایی لە خودا.

بۆیە، بینیمان چۆن خودا ئادەم و حەوا دەرکرد لە باخچەکانی بەهەشت لەبەر گوناهەکەیان. بەڵام پێش ئەوەی دەریان بکات، خودا ڕایگەیاند چۆن پلانی هەیە ڕۆژێك ڕزگاری دەرێك بنێرێتە ناو جیهانەوە، بۆ ئەوەی دەرگایەکی ڕزگاربوون بکاتەوە بۆ نەوەکانی ئادەم و ئازادیان بکات لە دەسەڵاتی شەیتان و سزای گوناه.

پاشان، فێربووین چۆن خودا بانگی ئیبراهیمی کرد و بەڵێنی پێی دا بیکات بە نەتەویەکی تایبەت کەوا پێغەمبەران و ڕزگاری دەرەکەی لێوە هەڵسێت. بەو شێوەیە، ئیبراهیم ئیسحاقی بوو، ئیسحاقیش یاقوبی بوو، یاقوبیش دوازدە کوڕی بوو. پاشان، خودا ناوی یاقوبی گۆڕی بۆ ئیسرائیل. هەر دوازدە کوڕەکەی ئیسرائیل ئەو نەتەوە نوێیەی خودا بەڵێنی بە ئیبراهیم دابوو پێك هێنا. دە برا گەورەکە یوسفی برا بچووکی خۆیان فرۆشت وەك کوێلەیەك کە بردرا بۆ میسر. بەڵام مرۆڤ چی بچێنێت، ئەوە دەدروێتەوە. (گەلاتیا ٦: ٧) لە دەرئەنجامدا، بینیمان چۆن هەموو نەوەی ئیسرائیل بوون بە کویلە لە میسر. سەرەڕای ئەوەش، خودا بەڵێنی خۆی کە دای بە ئیبراهیم و نەوەی لە یاد نەکردبوو. لە سیپارەی دەرچوون فێربووین چۆن خودا بەڵێنەکەی دای بە ئیبراهیم هێنایە دی بە بانگ کردنی موسا بۆ ئازاد کردنی گەلی ئیسرائیل لە بەند و کۆیلایەتیان.

لە دیراسەتی چیرۆکی موسا، ئەو وەسفە سەرسوڕهێنەر و جوانە چۆنیەتی ڕزگارکردنی خودا بۆ جەماوەری ئیسرائیل لە چەوسانەوەی فیرعەون و خەڵکی میسر خوێدمانەوە. هەروەها خوێندمانەوە چۆن خودا پاراستیانی لە بیابان و هێنایانیە سنووری کەنعان، ئەو

خاکەی بەڵێنی بە باپیرەگەورەیان ئیبراهیمی دابوو لەوە پێش. بەڵام زۆربەی گەلی ئیسرائیل لە زەبەلاحەکانی کەنعان دەترسان و متمانەیان بە خودا نەکرد کە بەڵێنەکەی بۆیان جێ بەجێ بکات. لەبەر ئەوە نەچوونە ناو خاکی زۆروزەبەنەی کەنعان لەو کاتە.

لەبەر بێ باوەڕییان، گەلی ئیسرائیل چل ساڵ لە دەشتاییدا مانەوە، تاکو هەموو ئەو کەسانەی باوەڕیان بەوە نەبوو کە خودا بەڵێنی پێ داوە سەبارەت بە کەنعان مردن. ئەوە ئەو سزایە بوو کە خودا بەسەریانی هێنا لەبەر بێ باوەڕیان. بەڕاستی، پەروەردگار... خودایەکی دڵسۆزە، ستەمکاری تێدا نییە، ئەو ڕاستگۆ و ڕاستە! (وتەکان ٣٢: ٤)

ئێستاش با گەشتەکەمان تەواوکەین لە تەورات. لە بیرت بێت، گەلی ئیسرائیل هێشتا لە بیابانن لەبەر ئەوەی خودا ئەێیانی دەکرد لەبەر بێ باوەڕییان. هەموو ئەوانەی تەمەنیان لە سەرووی بیست ساڵی بوو و ڕەتیان کردەوە باوەڕ بە بەڵێنی خودا بێنن سەبارەت بە خاکی کەنعان مردن. تەنانەت یەکیان لە ژیان نەما. ئێستا منداڵەکانیان لەسەر سنووری کەنعانن. لەپاش چل ساڵی دوور و درێژ لە دەشتایی، نەوەکانی ئیسرائیل ئێستا تامەزرۆی ئەوە بوون نیشتەجێی ئەو خاکە بوون کە باوکانیان نەیانتوانیٚ بچنە ناوی!

دیراسەتی ئەمڕۆمان لە بەشی پێنجەمی تەوراتە، سیپارەی وتەکان (واتای تەواو: یاسای دووەم). لەم بەشە کۆتاییە، موسا چاوپێداخشانەوەی یاسای پارسای خودا دەکات و فێری خێڵەکانی ئیسرائیل دەکات. ئەم سیپارە بنچینەییە دوایین پەیام لەخۆ دەگرێت کە موسا ئامۆژگاری خەڵکی کرد بۆئەوەی ئامادەیان بکات بچنە ناو ئەو خاکەی خودا بەڵێنی پێیان دابوو. کاتمان نیە هەموو ئامۆژگارییەکانی موسا بخوێنینەوە، بەڵام دەتوانین ووشەکانی موسا کورت بکەینەوە لە چەن ووشەیەکدا: لە بیرتان نەچێت!

بەکورتی، موسا شتێکی وای بە گەلی ئیسرائیل ووت: ئاگاداربن لە بیرتان نەچێت ئێوە کۆیلەبوون لە میسر! هەموو ئەو شتانەی خودا لە ڕێگا بۆتانی کرد لە بیرنەکەن، لەنێوان میسر و ئەو خاکە خەریکە بچنە ناویەوە! ئەو گوناهانەی ئەنجامتان داوە بەرامبەر پەروەردگار خوداتان لە بیر مەکەن! لە بیرتان نەچێت خودا چۆن دادوەری باوکانتانی کرد لەبەر بێ باوەڕییان، هەر بۆیە لاشەکانیان لە بیاباندا ماوتەوە. لە بیرتان نەچێت کە خودا باش بوو بو باوك و دایکتان، بەڵام ئەوان کەللە ڕەق بوون و باوەڕیان پێ نەکرد. لە بیرتان نەچێت!

ئەمڕۆ، کاتێ گوێتان لە دەنگی خودا دەبێت، دڵتان ڕەق مەکە وەك باوکان و دایکانتان دڵیان ڕەق کرد لە دەشتایی. ئایا ئێوەش وەك باوباپیرانتان باوەڕهێنان بە ووشەی خودا ڕەت دەکەنەوە یاخود باوەڕ بە پەروەردگار خوداتان دێنن؟ ئەگەر باوەڕهێنان بە ووشەی خودا ڕەت بکەنەوە وەك باوباپیرانتان، خودا سزاتان دەدات وەك چۆن سزای ئەوانی دا. لە بیرتان نەچێت!

پەروەردگار خودا دەتانباتە ناو خاکەکەوە، کە شیر و هەنگوینی لێ هەڵدەقوڵێ، و کە سوێندی بۆ باوباپیرانتان خواردووە. خودای خۆتان لە بیر نەچێت کە خاکەکەی پێتان دا، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەسەر نان بەتەنیا ناژێت، بەڵکو لەسەر هەموو ووشەیەك کە لە دەمی پەروەردگارەوە دێت! لە بیرتان نەچێت!

لەپاشە ئەوەی موسا ئامۆژگارییەکانی تەواو کرد، پەروەردگار بە موسای فەرموو: (وتەکان ٣٢) [٤٩] (سەربکەوە بۆ ناو زنجیرە چیای عەڤاریم، بۆ (چیای نەبۆ)وە کە لە خاکی مۆئابە و بەرامبەر بە ئەریحایە و لەوێوە تەماشای خاکی کەنعان بکە کە من وەک موڵک بە نەوەی ئیسرائیلی دەدەم. [٥٠] لەو کێوەدا کەوا بۆی سەردەکەویت بمرە... [٥١] لەبەر ئەوەی ئێوە ناپاک بوون لەگەڵم لەنێو نەوەی ئیسرائیلدا... [٥٢] جا تۆ لە بەرامبەریەوە خاکەکە دەبینیت، بەڵام ناچیتە ناو ئەوێ بۆ ئەو خاکەی بە نەوەی ئیسرائیلی دەدەم.)

(وتەکان ٣٤) [١] ئینجا موسا لە دەشتەکانی مۆئابەوە بۆ چیای نەبۆ سەرکەوت... جا پەروەردگار هەموو خاکەکەی پیشان دا... هەموو خاکی یەهودا تا دەریای ڕۆژئاو... [٤] پەروەردگار پێی فەرموو: (ئەوە ئەو خاکەیە کە سوێندم بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب خوارد و فەرمووم، (دەیدەمە نەوەکەت.) ئەوەتا بە چاوەکانی خۆت پێم پیشان دایت، بەڵام تۆ بۆ ئەوێ ناپەڕیتەوە.) [٥] جا موسای خزمەتکاری پەروەردگار لەوێ مرد، لە خاکی مۆئاب بەپێی بەڵێنی پەروەردگار، [٦] ئینجا لە خاکی مۆئاب لە دۆڵەکە بەرامبەر بێتپەعۆر ناشترا...

ئەمڕۆش کەس گۆڕەکەی پێ نازانێت. [7] موسا تەمەنی سەد و بیست ساڵان بوو کاتێک مرد، هێشتا چاوەکانی کز نەببوون و هێزی لەبەر نەبڕابوو. [8] جا نەوەی ئیسرائیل لە دەشتەکانی مۆئاب سی ڕۆژ بۆی گریان و ڕۆژانی گریان و شیوەنی موسا تەواو بوو. [9] یەشوعی کوڕی نونیش پڕ ببوو لە ڕۆحی دانایی، چونکە موسا دەستی لەسەر دانابوو و نەوەی ئیسرائیل گوێیان لێ گرت و ئاوایان کرد وەک پەروەردگار فەرمانی بە موسا کرد.

[10] جا لە ئیسرائیلدا هیچ پێغەمبەرێک پەیدا نەبوو وەک موسا کەوا پەروەردگار ڕوو بە ڕوو ناسی، [11] لە هەموو ئەو نیشانە و کارە سەرسوڕهێنەرانەی پەروەردگار ناردی تا لە خاکی میسر بە فیرعەون و هەموو خزمەتکارەکانی و هەموو خاکەکەی بکات، [12] هەروەها لە هەموو ئەو دەستە بەهێزە و هەموو ئەو کارە تۆقێنەرانەی موسا لەبەرچاوی هەموو ئیسرائیل کردی. ئامین!

لێرە تەورات تەواو دەبێت. هەموو شتێك لە تەورات تۆمارکراوە تاکو زانیاری بەدەست بێنین، زانیاری کە کە بەرەو باوەڕهێنان بە ڕێگای ڕزگاربوونی خودامان ببات. بەڕاستی موسا پێغەمبەرێکی مەزن بوو. پەروەردگار خودای ڕوو بەڕوو ناسی. موعجیزەی سەیری ئەنجام دا لەلایەن خودا. بەدەستی موسا، خودا گەلی ئیسرائیلی لە چەوسانەوەی فیرعەون ڕزگارکرد. هەروەها بەدەستی ئەو، خودا تەوراتی پێمان بەخشی، یەکەم پەرتوکی نووسراوە پیرۆزەکان. هەموو کەس دەبێت بزانێ پێغەمبەر موسا چی نووسی. هەرکەسێك تەوراتی موسا نەناسی لە زۆر شت بە هەڵەدا دەچێت و لە مەترسییێکی زۆردایە بفەوتێ لە ڕێگای ناڕاستودرووستی. لە بیرت بێت، تەورات ئەو بنەمایەیە کە خودا خۆی دایناوە، ئەو بنەمایەی خودا لەسەری و لە ڕێگای پێغەمبەرانەوە پاشماوەی پەرتوکی پیرۆزی خۆی بنیات دەنا.

بەڕاستی، پێغەمبەر موسا ووشەی سەرنج ڕاکێش و بنچینەیی و سەرسوڕهێنەری نووسی. لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ شتێك لەوە گرنگتر نیە کە ڕایگەیاندووە لە سیپارەی پێنجەمی تەورات، لە بەشی هەژدەهەم. لەم بەشەدا موسا بەگەلی ئیسرائیلی ووت کە خودا پلانی وایە پێغەمبەرێکی تری مەزنتر هەڵسێنێتەوە کەوا بە ڕاستەوخۆیی قسە بۆ خودا دەکات. با بزانین موسا چی بە خەڵکی ئیسرائیل ووت: (وتەکان ١٨) [15] پەروەردگار خوداتان لەنێوتان لە براکانتان پێغەمبەرێکی وەک منتان بۆ قیت دەکاتەوە، گوێی لێ دەگرن. [16] بەگوێرەی هەموو ئەو شتانەی لە پەروەردگار خوداتان داوا کرد لە حۆرێڤ لە ڕۆژی کۆبوونەوە و وتتان، (با ئیتر گوێمان لە دەنگی پەروەردگار خودامان نەبێت و ئەم ئاگرە مەزنەش نەبینینەوە، نەوەک بمرین.) [17] پەروەردگاریش پێی فەرمووم، (چاکیان کرد لەوەی وتیان، [18] لەنێو براکانیان پێغەمبەرێکی وەک تۆیان بۆ دادەنێم و وشەکانم دەخەمە دەمی و ئەوەی فەرمانی پێ دەدەم ئەو بۆیان پێی دەدوێت. [19] جا وا دەبێت ئەو مرۆڤەی گوێ لە وشەکانم نەگرێت کەوا ئەو (پێغەمبەر) بە ناوی منەوە پێی دەدوێت، من لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکەم.

بەم ڕاگەیاندنەی دەمی موسا، خودا هاتنی پێغەمبەرێکی تری ڕادەگەیاند کەوا لە نەتەوەی عیبریەوە دێت (ئایەتی ١٥، ١٨)، پیاوێك کە بە پڕی و بە پاکی ووشەی خودا دەدوێ (ئایەتی ١٨، ١٩)، پێغەمبەرێك کە دەبێتە شەفیعێك لەنێوان خودا و مرۆڤ. (ئایەتی ١٦، ١٧) دەزانی ئەو پێغەمبەرە کێ بوو؟ دەزانی کام پێغەمبەر بوو کە بە دەسەڵاتێکی زیاتر لە موسا لەگەڵ خودا قسەی کرد؟ دەزانی کام پێغەمبەر بوو کە موعجیزەی وای پشان دا کەلە موعجیزەکانی موسا مەزنتر بوو؟ بەڵێ، ئەو پێغەمبەرەی موسا ناوی هێنا ڕزگاری دەرە راستودروستەکەیە، کەلە کچێکی جوو لەدایك بوو. سەبارەت بەو، موسا ئاگادارێکی پێش وەختی دا بە گەلی ئیسرائیل: (گوێی لێ دەگرن!... جا وا دەبێت ئەو مرۆڤەی گوێ لە وشەکانم نەگرێت کەوا ئەو (پێغەمبەر) بە ناوی منەوە پێی دەدوێت، من لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکەم.)

ئالێرە دیراسەتمان لە تەورات دەبێت تەواو بێت. چۆن دەتوانین گەشتەکەمان کۆتایی پێ بێنین لەم پەرتوکە گەورە و سەرسوڕهێنەرە؟ با کۆتایی پێ بێنین بەوەی موسا خۆی ئاماژەی پێ کرد بۆ گەلی ئیسرائیل لەو ڕۆژەی مرد. لە بەشی سی و دوو موسا دەفەرموێ: گوێ شلکە ئەی ئاسمان، وا قسە دەکەم، با زەویش گوێ بگرێت لە وشەی دەمم... ناوی پەروەردگار ڕادەگەیێنم، مەزنی بە خودامان ببەخشن. تاشەبەردە، کردارەکانی تەواوە، چونکە هەموو ڕێگاکانی دادپەروەرییە، خودایەکی دڵسۆزە، ستەمکاری تێدا

نییە، ئەو ڕاستگۆ و ڕاستە. (وتەکان ٣٢: ١، ٣، ٤)

بۆ وانەی داهاتوو دەست بەو پەرتوکە پیرۆزە دەکەین کە لەپاش تەوراتی موسا دێت بەڵام هەر پەیوەندی لەگەڵدا هەیە و دەبینین چۆن خودا گەلی ئیسرائیلی هێنایە ناو ئەو خاکەی شیر و هەنگوینی لێ هەڵدەقوڵا هەر وەك بەڵێنی پێیان دابوو زۆر لەوە پێش.

دەبا خوداش، کە تەنها خۆی شایەنی شکۆمەندی و جەلالەتە، بەرەکەتدارت بکات! پێغەمبەر موسا بە تەواوی ئەم شتەی فەرمووە: (پەروەردگار... خودایەکی دڵسۆزە، ستەمکاری تێدا نییە، ئەو ڕاستگۆ و ڕاستە!) (وتەکان ٣٢: ٤) ئامین!



# گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. یەك شت هەیە کە خودای باڵادەست ناتوانێ بیکات. دەزانی ئەو شتە چیە؟

٢. ئایا ئێوەش وەك باوباپیرانتان باوەڕهێنان بە ووشەی خودا ڕەت دەکەنەوە یاخود باوەڕ بە پەروەردگار خوداتان دێنن؟

٣. دەزانی کام پێغەمبەر بوو کە بە دەسەڵاتێکی زیاتر لە موسا لەگەڵ خودا قسەی کرد؟

٤. دەزانی کام پێغەمبەر بوو کە موعجیزەی وای پشان دا کەلە موعجیزەکانی موسا مەزنتر بوو؟

ڕێگای ڕاست و دروستی:
وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای راستودروستی
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org